# له وه‌ڵامی هه‌واڵێك دا

## وه‌لامێك به‌ ماڵپه‌ری كورد بۆ هه‌واڵ

ئیبراهیم هه‌ورامانی

ماڵپه‌ری كورد بۆ هه‌وال بێ گوێ دان به‌ بنه‌ماكانی ئه‌خلاقی ڕۆژنامه‌نووسی و پاراستنی مسداقیه‌تی ڕۆژنامه‌گه‌ری بۆ مه‌به‌ستێكی تایبه‌تی سیاسیانه‌ كه‌ ته‌نیا سوود به‌ به‌رژه‌وه‌ندی یه‌كانی گه‌له‌كه‌مان ده‌گه‌یه‌نیت . هه‌واڵێكی دوور له‌ راستی بلاوكردۆته‌وه‌ و به‌ خه‌یاڵی خۆیان ده‌یانه‌وێت له‌م ڕێگایه‌وه‌ رووی جوانی رۆژنامه‌گه‌ری كوردی و خه‌بات و تیكۆشانی چه‌ندین ساڵه‌ی دوور له‌ ماندوبوونی كاكه‌ حه‌مه‌ی حه‌مه‌سه‌عی له‌كه‌دار بكه‌ن و مه‌رامه‌ گلاوه‌كانی خویان پێ جیبه‌جێ بكه‌ن و دڵی دوژمنان دلشاد بكه‌ن .

لێره‌دا ده‌مه‌وێت پێش ئه‌وه‌ی بچمه‌ ناو باسه‌كه‌مه‌وه‌ ئه‌وه‌ بخه‌مه‌ ڕوو راسته‌ من له‌ ساڵی 1978 وه‌ كاكه‌ حه‌مه‌ ده‌ناسم ئاشنای خه‌بات و تیكۆشانی هه‌م له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا به‌ ئه‌مڕۆشیه‌وه‌ بێت یه‌كێكه‌ له‌و كه‌سانه‌ی خۆشی به‌ من نایه‌ت و چه‌ند جارێك نارەزایه‌تی خۆی له‌سه‌ر من نیشان داوه‌ .

ئیستاش كاتێك من وه‌ك راستگۆیی یه‌ك ده‌مه‌ویت له‌ تێكۆشه‌ریتی و شۆڕشكێڕتی ئه‌م هه‌ڤاله‌ بدوێم ته‌نیا خسته‌نه‌ رووی واقیعه‌تی‌ئه‌و راستی یه‌یه‌ كه‌ بوختان و هه‌واڵی درۆی ماڵپه‌ڕی كورد بۆ هه‌واڵ ناتوانێ تۆزقاڵێك له‌ كه‌سایه‌تی و دڵسۆزی وشۆڕشگێڕێتی یه‌ی كاكه‌ حه‌مه‌ كه‌م ناكاته‌وه‌ .

كاكه‌ حه‌مه‌ ئه‌و پێشمه‌رگه‌ ماندوو نه‌ناسه‌یه‌ كه‌ چیا و دۆڵ و دوشت و باخه‌كانی شاره‌زوور و هه‌ورامان زۆربه‌ی شه‌ڕ و نه‌به‌ردینه‌كانی كوردستان ئه‌و شاهیده‌ ده‌ده‌ن .

ده‌بێت ده‌رك به‌و راستی یه‌ بكه‌ین ئه‌م تۆمه‌ته‌ی كورد بۆ هه‌واڵ ده‌یداته‌ پال كاكه‌ حه‌مه‌ تاكه‌ تۆمه‌تیك نی یه‌ كه‌ بۆ له‌كه‌دار كردنی یه‌كیتی و هه‌ڤاڵه‌ تیكۆشه‌ره‌كانی درێژه‌ی پێده‌درێت .

كاكه‌ حه‌مه‌ ئه‌و تیكۆشه‌ره‌یه‌ هاوولاتیانی ناوچه‌كه‌ شاهیدی دلسۆزی و راستگۆیی له‌سه‌ر ده‌ده‌ن و هه‌رگێز بوختان چیان ناتوانن تۆزقاڵێك ئه‌و سیماشه‌ره‌ف مه‌ندانه‌ی له‌كه‌دار بكه‌ن و كاڵ بكه‌نه‌وه‌ .

چونكه‌ كاكه‌ حه‌مه‌ گه‌لیك دوره‌ له‌و تۆمه‌تانه‌وه‌ و هیچ پیویستی به‌ بازرگانی كردن به‌ تلیاك نی یه‌ و په‌روه‌رده‌ی بنه‌ماڵه‌ و بیروبۆچونیكی سیاسی وه‌ك یه‌كیتی یه‌ كه‌ تۆزقالیك بیر له‌ دژایه‌تی كردن دژ به‌ گه‌له‌كه‌ی نه‌كردوته‌وه‌ و هه‌میشه‌ش دوژمنیكی سه‌رسه‌ختی دوژمنانی گه‌له‌كه‌مان بووه‌ و له‌م پیناوه‌ش دا ته‌مه‌نی خۆی سه‌رف كردووه‌ .

دیاره‌ له‌ بلاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م هه‌واله‌دا كورد بۆ هه‌وال بیجگه‌ له‌ چه‌واشه‌ كردن و روو زه‌ردی هیچی دیكه‌ی بۆ نامینیته‌وه‌ و كاكه‌ حه‌مه‌ش هه‌میشه‌ هه‌میشه‌ به‌سه‌ربه‌رزی و دوژمنی سه‌ر سه‌ختی دوژمنان ده‌مینیته‌وه‌ .